www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-7-2007 20:04

سەرۆکی حکومەت - سەرۆکی پەرلەمان ... وەلامیکیش بۆ هەڵمەت خالید لە سەنتەری رۆشنبیریی قوشتەپە ... دیامان مستەفا

ماوەیەك بەرلە ئیستا لە کوردستان نیت داو دوایش لە نیشتیمان نیت دا نامەیەکی کراوەی مامۆستا

هەڵمەت خالیدم بینی لەسەنتەری رۆشنبیریی قوشتەپە ئاراستەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردبوو لەراستیدا کاتیك نامەکراوەکەیم خوێندەوە وتم ئەم هەموو چالاکیەی کردبی و لەوتەمەنەدا بیت و توشی ئەو نەخۆشیە هاتبیت راستنیە کەسیك بەدەنگیەوە نەهاتبیت، بەلام باش چەند رۆژێك چەندین نامەی پشتگیریی کردن لە راستی ووشەکانی و بەسەرهاتەکەی بڵاوکرایەوەبە وینەوە، زۆر پەرۆشی روداوەکە بووم چونکە رۆژانە لە کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان چالاکیە کانی لاوانی کوردستان ئەبینم و یارمەتی سەرۆکی حکومەت بۆ یان و هاوکاریکردنیان لە هەموبوارەکانداو کاربۆ ئاسانکردنیان، کە ئیستا سەرۆکی حکومەت لە کوردستان لەبەرخۆشەویستی لەناو گەنجان نازناوی باوکی لاوان یان پێداوە، لەکاتیکدا کەئەم نامەکراوەیەم بینی و ئەم هەموو پشت راستکردنەوەی هەیە بەبەڵگەوە، لەخۆم پرسی بۆچی ئەوبەرێزە تائیستا هیچی بۆنەکراوە لەلایەن حکومەت پەرلەمان ئەی وەزارەتی لاوان ئیشی چیە؟ ئەی ئەم هەموو چالاکیەی بۆلاوان ئەنجامی ئەدەن کەبلاوکراوەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن پیا ناگەن بۆ بلاوکردنەوەیان، ئەدی ئەوبەرێزەش لاو نیە شایەنی نیە خەلکی ولاتەکەی ئیوە نیە ئیستا پرسیار لە ئیوە ئەکەم وەزارەتی لاوان بەناو وەزارەتە یان بە کردار؟ پەرلەمان چ بەشیکی بەرئەکەوێت لە شیکردنەوە؟ حکومەت چینی لاوان ناگریتەوە!!! لە کۆتایدا بیرم لەوە کردەوە ئەبیت ئەو مامۆستا بەرێزە کورە بەرپرس نەبیت بۆیە تائیستا کەس بەبونی نازانیت و ریزلە ئەو خزمەتە گەورەیەی کەبە گەنج ولاوی دەڤەرەکی خۆی کردووە ناگیریت، دوا وشەم بۆ هەڵمەت خالید ئەوەیە ئیمە لێرە تازە فیرە کۆمپیوتەر و ئینتەر نیت ئەبین توش لەوی بەخۆرای دەورە ئەلییتەوە ئەگەرهاتی بۆ لامان بەم ئەدریسە پەیوەندیمان پیوەبکە (dyaman_2@yahoo. com) چ کاریکمان لەدەست بیت ئەتخەینە سەرچاومان، هیوای تەمەندریژی و سەرکەوتنی بەردەوام بۆ بەرێزتان و بۆ حکومەتەکەتان.

ستوکهولْم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.